# فوئاد حسێن: کۆمەڵگای سوریا وەک ئێمە بەدەست سیاسەتکانی بەعسەوە زەرەرمەند بووە

فوئاد حسێن، وەزیری دەرەوەی عێراق ڕایگەیاند، پێیوەندییەکانی عێراق و سوریا مێژوویین،کۆمەڵگای سوریاش وەک ئێمە بەدەست سیاسەتکانی بەعسەوە زەرەرمەند بووە.

فوئاد حسێن ڕوارەی ئەمە هەینی لەمیانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە شاری بەغدا لەگەڵ ئەسعەد شەیبانی هاوتا سورییەکەی، ڕایگەیاند، "پێیوەندییەکانی عێراق و سوریا مێژوویین، هەڕەشەی دەستبەجێ بە سەر کۆمەڵگای سوریا و عێراقی هاوبەشن، کۆمەڵگای سوریاش وەک ئێمە بەدەست سیاسەتکانی بەعسەوە زەرەرمەند بووە".

ئاماژەی بەوەشکرد، سوریا لە ململانێیەکی بەردەوامدا بو بە ڕزگاربون لە ڕژێمی تەتالیتار و ڕژێمی تاکەەو، "لەگەڵ شاندی سوریاش گفتوگۆمان کرد لەسەر پێکهێنانی ژورێکی ئێپراسیۆنی هاوبەش بە ڕوبەڕوبونەوەی داعش".

فوئاد حسێن باسی لەوەشکرد، "لەگەڵ لایەنی سوریا باسمان لە جموجۆڵکانی داعش و بیرکەی پێکهێنانی ژورێکی ئێپراسیۆنی هاوبەش کرد بە ڕوبەڕوبونەوەی ڕێکخراوەکە، ڕێنگە ئەزمونی عێراق سودی بە سوریاییەکان هەبێت لە ڕوبەڕوبونەوەی ئاستەنگە ئەمنییەکاندا، پێشتر عێراق هەمان ئەو دەخەی بینیوە، ناسەقامگیری لە سوریا ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دەخی عێراق هەیە، عێراقییەکانیش باجێکی

قورسیان داو بۆ شەڕی تایفەگەری".

فوئاد حوسێن جەختی لەوەکردەوە، "باسمان لە ئوداوەکانی کەناراوەکانی سوریا کرد و نیگەرانی خەمان دەربڕی سەبارەت بەو شتانەی لەو ئودەدەن، چونکە پشتگوخستنی هەر پێکهاتەیەکی کەمەگەل توڕەیی و پشێوی دروست دەکات کە تیرۆریستان دەیقۆزنەوە".

وەزیری دەرەوەی عێراق پشتیوانیی وڵاتەکەی بۆ ئەککەوتنی نێوان ئەحمەد شەرع و مەزلوم کۆبانێ دەربڕی، بەو هیوایەی لەپێناو بەرژەوەندی سوریا جەبهەجە بکرێت و ڕێکەوتنەکەی بەو گرنگ ناوبرد.